## (کوردنامە) ... عوسمان شارباژێڕی

هەولێر (21/09/ 2005)
(2705 ی کوردی)

- 1 -

داستانی کورد و دەستوری عێراق!

• تەقویمێکی تەشکە بەرە، بەدیواری دەروونم دا، داکوتراوە.
دووهەزار و حەوتسەتوپێنج، نم نم ...فرمێسکی ساڵە کورد،
لەناو چاوی (زەمەن) ێکی دڵئاسندا، قەتیس ماوە!

• وەکوو دەڵێن، ئەو (بەرواره) بەڵگەیەکە، نەتەوەی کورد
بە، رەچەڵەك دەچێتەوە، سەر (میدیا)
(دەوڵەتی ماد) لەم وڵاتە،
لە (نیشتیمانی داربەڕوو) و (بەفروچییا)
دامەزراوە..

• (گەلی میدیی.... ئەژدادی کورد ...)
بەهەڵمەتی جەنگاژۆیی پەلاماری (مەملەکەتی ئاشووریی) دا
بە (کەرکووك) و (نەینەوا) وە، داگیریان کرد.

• (دەوڵەتی ماد) نەوشکۆفەی شارستانیی رۆژهەڵات و ئیمپریالی ئاسیای کۆن،
بوو بەهاوسی و هاوسنووری (بابلییەکان)
ئەو میللەتە ...لەمەیدانی پیشەسازیی و رۆشنبیریی،
...و وێژەو هونەر، پێشکەوتووبوون،
خاکەکەیان بەناوبانگبوو، بەوڵاتی (دۆڵیدووزی یاخود میسۆپۆتامیا)
(لانکەی قانون)

• ئەو رۆژگارە، ئەو وڵاتە، نە، (عێراق) ی پێگوتراوە
نە (عەرەب) ی تێدا بووە،
نە (ئیسلام) ی تێدا ژییاوە.

• حەقیقەتی مێژوویيە، و (نەخشی بەردە) !
لەسەر سنگی سەنگی چییا.....
لەدیواری ئەشکەوتی ناو کوردستان دا، هەڵکەندراوە،
لەناو ناخی ئەم خاکەدا، (ئێسکی مردوو)
دیکۆمێنتێکی زیندووە...
(وڵاتیکورد) یەکەم لانکەی مرۆڤ بووە.
لەسەردەمی کۆناراوە، ئەژدادی کورد، وەکوو (میللەت)
لەم خاکەدا، خاوەن سوپا و دەستەڵاتی سیاسی بوو،
خاوەن دەوڵەت،

• لەهەزارەی سێی پاشزایین!
نەوەی کوردی _ ئارینەژاد_
چاوەڕوانن برا گەورەی ئایینی یان عەرەبزادە

لەم دەوڵەتە عێراقییە ئینگلیزکردە،
بە، دەسندە، مافەکانیان، پی (عەتاکەن) !
• سەدەی بیست و بیست و یەکەم. . . . . . .
رێبەرانی سیاسی کورد. . . . دوێنی و ئەمڕۆ،
لە (عێراق) دا،
هەر بەهیوای هیمەتێکی (مەلیك فەیسەڵ)
یاخود (جەعفەر عەسکەری) یە!
یان رەحمێکی (سەددام حوسێن)
یان ئحمێکی (ئیبراهیمی جەعفەری) یە!
• گەمەیەکی سیاسییە و گۆتاوەڕۆی رۆژئاوایە!
چاوچنۆکی (یانکی) و (جۆنبۆڵ)
تینووی _پیترۆڵ _
• های (شەکەنە 9 یادت بەخێر!
(نیو هەنگاو) ت دەنا بۆ پێش (هەنگاو) ێکیش دەکشایتەوە
بۆ پاشەوە. . !
بەسەر پشتی (کیسەڵ) ێکدا، نەتدەوێرا بازێك بدەی
لای تۆ دەبووە –هیمالا-یە
کەچی بۆ سواڵ، بۆ حیسابی گیرفانی خۆت.
زۆر زانابوویت. .
رۆژێك کەمت دەستکەوتایە
دەستت دەکرد بەگریان و شین و شەپۆڕ،
دەتگوت (عەبەنوقانێتی!!) چیبکەم دایە؟چیبکەم خوایە؟

-2-

رق ئەستووریی (هارپاکۆس) و تۆڵەساندن،
پیلانێکی رەشتر لە داڵ
چارەنووسی گەلی کورد و شکۆمەندیی کوردستانیان، داڕۆچکەکرد،
بۆ قوڵایی (بوون بەکۆیلە) و (کۆلۆنیالی هەزاران ساڵ!)
لەوکاتەوە. . .
خزمەتکاریی بۆ بێگانەو خیانەت و خۆخۆریی کورد
لەم خاکەدا چەکەرەی کرد!

-3-

• لەو ساکەوە /هەتا (ئێستای دەنگتان بدەن بەرەشنووسی دەستوورەکە)
. . و (ئەنفلۆنزەی باڵندەکان)
تا ئەم (چرکە زەمەنییەی هەڵامەتە!!)
سێهەزار ساڵ، شتیکەمە، نەتەوەی کورد، بی دەوڵەتە،
کوردستانی من، لەتلەتە!
(ئاغای فارس) لەوکاتەوە،
لەکاولە خانووەکەی خۆم
ژێرماڵەی تۆم!!

-4-

• (برای عەرەب)
لەشمشێرە ژەنگاوییەکەت من نەترسام
ئەو پەیامە پیرۆزەی (خوا) و (قورئان) ەکەم لاپەسندبوو،
ئایینەکەم قبووڵ کرد و بووم بە (ئیسلام)
خۆم (ئاتاشگا) م لەناو رنووە بەفرەکان دا، رەق کردەوە،
خۆم (ئاوێستا) م فڕیدایە ناو ئاگردان..
بەو هیوایە (لەم دنیا) یە لەزۆرداریی رزگار دەبم
لەناو (باغی داد) دا، دەژیم،
لەو (دنیای تر) بەهەشت دەبی بەسەیرانگاو هەواری من!!
کاکە سەیید..
هەندی توخمە تەخیلەی تۆ، بوون بەدۆزەخ، بۆ گیانی من
گریان بەردا، لەکوردستان
تا (کەوسەر) و کانیەکانیان کوێر کردەوە.
بەڵام ئێمە.. (کورد) و (هەڵگورد)
بەزیندوویی وسەربڵندی هەرماینەوە
نەتواینەوە...
زۆر سەرۆکی سەلکە سەگ و سەهەندەمان ئەفرۆزکرد!
(داگیرکەری نیشتیمانم)
دەبی مَلی خۆت بشکێنی ورۆژی دادیبارکەی بڕۆی!

-5-

بەڵی بەگ تۆ! بەڵی (بەگی عوسمانی) تۆ
(حەوتسەتساڵ) ێك بەر لەئەمڕۆ..
تۆی زەندەقچوو، لەمەغۆلە شامانیەکان،
لە –هۆلاکۆ-
لەترسانا هەڵاتیت و پشتت کردە، چیاکانی (کاراکۆرام)
نیشتیمانی خۆت بەجێهێشت..
(عەشیرەتی قاپی شکاو) لە (ئەنادۆڵ) گیرسایتەوە
لەژێر سایەی عەلادینی موسوڵمان دا حَەسایتەوە،
(تۆ) ی دەروێش ی خاوەن دەف و شانەو بەڕماڵ،
بووی بە (میر) وبە (سوڵتان) وبە (خەلیفە) و (ئیمپراتۆر)
بەخاوەنماڵ..
بەناوی (خوا) و (قورئان) و (دیین)
زێوانەکەی چەند تاڵەمووی ریشی پیرۆزی پێغەمبەر
تۆ گەیشتیتە پایەی بەرزی (سۆبلیمپۆرت) و (دەرگای باڵا)
چوارسەت ساڵی رەبەق ئێمە (کورد) و (عەرەب)
بۆ جەنابت بووین بەنۆکەر!
• بەڵام رۆڵەی دلێری کورد، هەندی (پاشا) و (میر) و (رابەر)
ئەو سەرۆکە نەبەردانە،
بەبی تَرسان،

بێگوێدانە زەبرو زەنگی داگیرکەرە دوژمنەکان، لەکۆنەو،
لەژێر حوکمی فارسەکان، لەزەمانی دەستەڵاتی ئیسلامیدا،
لەژێر دەستی عوسمانی یدا،
حکومەتی خۆیان بووەو سەربەخۆبوون
بۆ نموونە. .
حکومەتی (براخۆیی) و (سالار) و (زەند)
(شوانکارە) و (شەدادییەکان)
(لوڕی گەورە) وهینی تریش. .
• چەند سەت ساڵێك بەر لە ئێستا،
(کورد) خاوەنی ئەمارەتی سەربەخۆبوون، لەکوردستان!
بۆ نموونە. .
(ئەردەلان) و (موکریان) و (بادینان) و (بۆتان) و (بابان)
ئەمارەتی (سۆران) ی کورد،
حکومەتی سەربەخۆ بوو، خاوەن سککە وسوپاو ئاڵا
هەتا ئێستا. .
(تۆپە) گێپەڕەزلەکەی (پاشای گەورە) لە (ڕەواندز)
پەنجە دەکا بەناوچاوی داگیرکەردا،
ئەو ڕۆژگارە سەرانیی کورد
ئەم فەلسەفە فشوفۆڵە فێرنەبوو بوون
ئەو بۆچوونە گەندەڵانە هێشتا سەریان هەڵنەدابوو،
- (سیاسەتی نێو دەوڵەتی)
- (هەل و مەرجەئیقلیمیەکە)
- (سنوورێکی ستانداری دەریایی مان، ئێمە نییە)
- (باری ناوخۆ) و شتی تریش. . .
ڕێگا نادەن، کورد خاوەنی دەوڵەتێکی یەکگرتوویی سەربەخۆ بی!
-6-
داوێن پیسی و پایەخوازیی خەلیفەکان. .
دیکتاتۆریی و دڕندەیی (میر) و (والی)
دەوڵەتەکەی عوسمانی یان لێکهەڵوەشان، ڕۆچووە خوار، بەناوخوێن دا، گرێژەنەی (بابولعالی) !
جەنگی گەورەی سەفەر بەرلگ!1
عوسمانییەکان لەگەڵ (ئەڵمان) بوون بەشەریك
لەشەڕێکی خۆترێن دا، جەنگیان دۆڕان،
براوەی جەنگ، ئینگلیز. . فەڕەنگ،
میراتەکەی ئەو دەوڵەتە عوسمانیە کەڵتەکۆنە، دابەشیان کرد،
هەموو گەلە ژێردەستەکان رزگاریان بوو،
بێجگە لە (کورد) !
(تورك) یش وەکوو داگیر کەر و (جەنگدۆڕاو) ێك
لەباشووری کوردستان دا، سوپاکەی خۆی کێشایەوە!
کۆماندارى لەشکری تورك (عەلی ئیحسان)

لە (موسڵ) ەوە بە تێلێگراف،
هەواڵیدا بە (شێخ مەحموود) سەرداری كورد
(شەڕ راگیرا) و لەپاش هودنە،
(ئینگلیز) گەییە (شاری مووسڵ)
بەناچاری جی ی دەهێڵین!
(ویلایەتی مووسڵ) تەواو. لەژێر دەست و دەسەڵاتی (تورك) دەرچوو
وا كلیلی حوكمداریی سولەیمانی درا بەتۆ، ورێزی بگرە،
ئەم رووداوە زۆر گرنگە و لەدوا رۆژدا،
خۆی دەبێتە رەگی مێژوو!!
ئەو رۆژگارە نە (دەوڵەتی عێراق) هەبوو!
نەسەروەریی خاك و سنوور،
وڵاتێكی داگیركراو، بەبی ئاڵاو سوپاو دەستوور!!

-7-

ئینگلیزەكان، لەرۆژنامەی (تێگەیشتنی درۆی راستی)
لەڕیی پروپاگەندەوە. .
بەسەر (باڵای گەلی كورد) وبەسەر (ئاڵای سەربەخۆیی كوردستان) دا،
هەڵیان دەدا،
(ویڵسۆن) دەیگوت، (مێجەر نۆئیل) دەیسەندەوە!
(ئینگلیزەكان زۆر عاشقی ئازایەتی كوردان بوون، و. .
دلێریی كوردییان بیستووە،
حوكومەتی موعەززەمەی بەریتانی،
لەهەموو قەوم زیاتر كوردی خۆشویستووە!!)
شوبهە نییە (كوردستان) یش بەم زووانە
نائیلی خۆشی و خێر دەبی
هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگەی كورد
لە (كولێرە) و (كەرەو هەنگوین) سكتێردەبی!!

• (شێخ مەحموود) ی پێشەوای كورد، گومان نییە لە دڵسۆزیی ئەو (رابەر) ە، كورد پەروەرە. !
سەردارێكی عەسكەریی بوو، سیاسی بوو،
بۆ هێرشی نەكردە سەر سوپای ئینگلیز؟
بۆ (كەركووك) ی رزگار نەكرد؟!
ئینگلیزەكان. .
بی (پەروەند) و (پەیماننامە) و (پرۆتۆكۆل)
بەسەرزاری بەڵێن یان دا بەشێخ مەحموود،
(مافی رەوا) دەدەین بەكورد!
(شێخ) دڵێكی شاعیریی بوو، (خڵەتاندیان)
(ئەو) رێگای دا، (مێجەر نۆئیل)
گەییە شاری سلەیمانی. .
وەك راوێژكار،
لەگەڵ خۆیدا مژدەی هانی. .

بەفەرمانی (ئەڕنۆڵد وڵسن) . . حاکمی عام
شێخ مەحموودی حەفید کرا، بە (حوکمدار)
- (مێجەرنوئێل) دەست بەکاربوو، کەبناغەی دەوڵەتێکی، هاوچەرخانە، بۆگەلی کورد دامەزرێنی
سیاسەتە دوو فاقیەکەی پیرە ئینگلیز
بوو بە (شەوە) و لە بێشکەدا ئەو کۆرپەیە کوردی خنکان
(ئەو) یان گۆڕی و (مێجەرسۆن) یان لەجیی دانا. .
ئینگلیز کردیی بە حاکمی سلەیمانی،
(مێجەرسۆن) ی کۆنە چەرچی لەکوردستان
(شارەزای کورد) و (کوردیزان)
(غولام حوسەین) . .
خزمەتکاری شاژنە کورد (عادیلە خان)
دوژمنەکەی (شێخ مەحمود) و (بەرەی شێخان) !
دەستەڵاتی شێخ مەحموودی لێکهەڵوەشان.
- تا سەرەنجام، لەناوشاری سلەیمانی، لەنێوانی (کورد) و (ئینگلیز) شەڕ هەڵگیرسا. .
ساڵی 19ی سەدەی بیستەم و (مانگی مەی)
چەند ئەفسەری ئینگلیز هەبوون لەناوشاردا
بەدیل گیران،
پارێزگاری گیانیان کرا، ورێزیان گرتن،
(جەنگ) پەرەی سەند
لەرۆژێکی قرچەی گەرمای حوزەیران دا،
لەدەربەندی بازیان دا،
لەژێر بەردە قارەمان دا،
شێخ مەحموودی پێشەوای کورد
ئینگلیزەکان، بەزامداری دەستگیریان کرد
بە (خنکاندن) حوکم درا
دوور ئەندێشی ئیمپریالیست
هێشتیانەوە بۆ تەنگانە وکاتی پێویست
ئاوارەی کرد بۆ (ئەندامان) لە هیندستان
وروژان و ناڕەزایی و هەڵچوونی کورد
(کلکی نەڕەشێر) یان لوولکرد !!
- ئینگلیز ناچار. .
(شێخ مەحموود) یان، گەڕاندەوە سلەیمانی
(کورد) یش ئەمجار. .
(حکومەتی کوردستانی جنووبی) یان، دامەزراندو ئاڵای بەرزی کورد هەڵکرا،
(شێخ مەحموود) یان کرد بە (مەلیك)
لەم کاتەدا (عێراق!!) بوو بوو، بە (دەوڵەت) وخاوەن سوپا،
ئینگلیزەکان بە پاڵپشتی هێزی (راف) و بۆمباگەورە کوردکوژەکان،

بەهاوكاری (سوپا نوی) كەی!!ئەم عێراقە ئینگلیز كردە،
(حكومەتی كوردستانی جنووبی) یان، تێكدا و رووخان!!
(لەشكری كورد) یان. . تێكشكان. .
(ئالأی كورد) یان داگرتە خوارو دادڕان!
(شێخ مەحموودی مەلیكی كورد)
لەسەر شانۆی سیاسەت و عەسكەریی دا دەوری نەما،
هەتاكوو مرد!!
لەفەرهەنگی سیاسەتی ئینگلیزییدا. . نەبووەو نییە،
كە (ماف) بدا بەگەلی كورد
یان دەوڵەتێك بۆ كوردستان دامەزرێنی
پێچەوانەی دژەویستی نەتەوەی كورد. .
(ویلایەتی موسڵ) ی سوننە، هەولێر، كەركوك. . سلەیمانی
لەداوێنی كوردستانی گەورەی بڕیی
هەردوو گوێچكەی نیشتمانی گەورەی عەرەب،
(ویلایەتی بەسرای شیعە) و (بەغدای سوننە) ی،
لەبنەهەڵكەند
ئەو سێپارچە لێكجیاوازەی، بەسرێش و سیكۆتینی سیاسەتە
چەوتەكەی خۆی، كرد بە (دەوڵەت)
ئەو دەوڵەتەكارتۆنیە. .
ئەوخەریتە سیاسییەی ئێستای عێراق
ئینگلیزكردن،
(عەرەب و كورد) دەستیان نەبووە، ولەونەخشەیە،
ئاگادارنین!
یەكپارچەیی خاكی عێراق ئەوزاراوە سیاسییە
ئینگلیزەكان دایانناوە،
قورئان نییە و نازڵ بووبی لەلای خواوە!
ئەو دەوڵەتەكارتۆنیە، كەولەكۆنەی پێشووی عێراق
بناغەكەی لەسەر (نەوت) و (بانكەنۆتی) پەڕەكاغەز،
دامەزراوە. .

- (كێشەی كەركووك) . . تەلیسمێكی سیاسییە

ئەقڵی ئینگلیز، درووستی كرد
پوازەكەی مەلای مەشهوور بۆ دیواری چارەنووسی تەلاری كورد
(كۆمپانیا) زەبەلاح و فرەباڵە پیترۆلییەكان
ئەوان، لەگەڵ كۆمپانیای چەك!
ناهێڵن قەت هیچ لایەكمان. . (ببین بەیەك) !
خۆیان لووتكەی دەسەڵات و بڕیار دانن
(بۆش) و (باوكی) وئەمانی تر. . .
دایاندەنێن. . دەیانگۆڕن. . دەریان دەكەن!
هەر، ئەوانیش رازی نابن، شاری كەركووك
بخرێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، وبدری بەكورد!

دڵۆپێکی نەوتی کەرکووك، گەلی گەش و گرانترە
لەلای (یانکی) و ڕۆڵەی (جۆنبۆڵ)
لە (بەرمیل) ێك خوێنی کوردی،
کیمیاباراندیدەو کلۆڵ!!
- 8 -
• سەدەی بیستەم و ساڵی سیی (30) ، لەگەرمایی مانگی ئاب دا،
هەندی پیاوی بەناوبانگ و سیاسی کورد
سەرگەرمانە چوونە (مەیدان)
بۆ ساندنی (مافی کورد) و (خودموختاری بۆ کوردستان!!)
• وابزانم فاکوفیکی ئینگلیزەکان،
(ئێمەی کورد) یان فریبودابوو،
داوای مافی خۆمان بکەین، لە (کەرکووك) یش دەستهەڵنەگرین،
• هەتا (پیاوە تەپۆ) کانی حکومەتی ئەوسای عێراق
ئەو سیاسییە سییسەڵانە، بترسێنی
پەیمانەکەی ساڵی سییان، پێمۆربکاو. .
نەوتەکەیان لی بسێنی
• ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول / لەناو شاری سلەیمانی
جەماوەری، توڕە و هەڵچوو، دژی ڕژێم
ورووژان و ڕژانە سەرشەقامەکان
هاواریان کرد. .
(ئێمە کوردین. . ، ) کوردستانیی،
ئەم دەوڵەتە عەرەبیە عێراقیە ئینگلیزکردە و نامانەوی!
• دەنگی گوللە بەسەر دەنگی گەل دا زاڵ بوو
زۆر کەس کوژرا،
بەردەم سەرای سلەیمانی بەخوێن ئاڵ بوو. .
شەهیدەکان، کاسبکارو توێژی داماو
دووان لەوانە. .
(عەولە سیسە) و (ئەلەی کلۆڵ) ی (گ. . . سووتاو!)
بەڵام. . ئەنجام. .
(ڕی ئەفەندی) میریی کردی بەقایمقام!!
کورد بەکوشت چوو،
(موزیع) ێکی قنگهەڵپچڕاو،
(گەییە پایە)
بوو بە خاوەن دراو، و ناو!!
لەباشووری کوردستانا،
(عێراقچێتی) گەرای دانا!
حکومەتە عێراقییەکان، درێغییان نەکردووە
لەکورد کوژیی ولەتێکدانا.
لەرۆژگاری سەددام حسەین
عەلی حەسەن

لەژێر ئاڵای عێراقی دا،
کیمیابارانی کوردستان
ئەنفالیکورد
بوون بەعیلمی عەسکەریی و فەن!!

- نەوەتساڵەی تاڤگەی خوێنی گەلی کوردی ستەمدیدە

لە – عێراق – دا
تاوانەکەی وا لەئەستۆی ئەم شەشتیرە سیاسیانە،
- ئەفسەرانیی کۆنی ئینگلیز
- فەرمانڕەوا دیکتاتۆرە عەرەبەکان
- عوسبەی ئومەم،
- دوایی UN
- کۆمکارە ملکۆمەکەی دەوڵەتانی جیاجیای عەرەب!
- خائینانی نەتەوەی کورد!!

لەعنەت لەوەی کوردستانی لەتلەت کردو گەلی کوردی بەم دەردەبرد!!

- 9 -

(. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .)
(. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .)

- 10 -

- ئەمڕۆ، ئێستا،

سەتو هەشتاو هەند، دەوڵەت هەن، کەئەندامن لەنەتەوە یەکگرتووەکان
خاکی سەتو پەنجا لەوان..
بچوکترن لە کوردستان
بەزمانی (عەتف) نادوێم، چاوی عەقڵم بە ئاگایە،
رووبەری خاکی کوردستان
نیو ملیۆن جار گەورەترە لە (ڤاتیکان) !

- دوو ئەوەندەی ئینگلتەرە

رێك بەقەدەر – فەڕەنسا – یە
سیقات لە (کوێت)
بیست و چوار قات لە (ئیسرائیل) گەورەترە،
نەوەت هەندەی (سەنگافورە)
پەنچا جارەی – جامایکا – یە
(سان مارینۆ) لە – دێگەڵە – گچکەترە
دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بی هەرایە،
فەرموو ئەوە (مۆناکۆ) یە
لە گەڕەکی بەلاشاوەی شاری هەولێر بچووکترە
بەچکەی خانووە قوڕەکانی سلەیمانی..
دەوڵەتێکی سەربەخۆیە!!
کوردستانی نیشتیمانی مەزنی من
بی دەوڵەت و بی دراو و بی ئالایە
(ناوی نی یە) لەسەر نەخشەی ئەم دنیایە

- لەسەرەتای سەدەی بیست دا، جەردەکانی نێو دەوڵەتی
لەسەر (کۆتە) یئەنەتۆمی سیاسیدا. .
کوردستانیان لەتلەت کرد و گەلی کوردیان،
کرد بە چواربەش. .
لەسەردەمی عەولەمەدا،
لە رۆژگاری حەیاچوونی (کلینتۆن و مۆنیکا) دا
ئێمە، خۆمان، کردمان بە شەش. . !
دەلاقەکە زلترکرا،
لای سەران و گەورە گەورە سیاسی کورد
(بەدەوڵەت بوون) !
ئەو خەونەیە بەدیی نایە!
شیعری ئاوا، خەیالییە و بی مانایە.
- لەبیرم دی ساڵ بەو عەیام
بەڕێز (جەلال تاڵەبانی)
سەرۆك (وەفدی موفاویز) و (ئەو) نوێنەری بارزانی بوو،
لە ئاداری شەست و سێدا، هات بۆ شاری سلەیمانی
رۆژ لە ماڵی (ناهیدە خان)
شەو لەماڵی (حەمە ئاغا) ئەو، میوان بوو،
ئەو کات (پارتی) و پارتیزان بوو. .
ئێمە هەندی هونەرمەندو ئەدیبی کورد
چووین بۆ پایناز. . بۆ دیداریی
دیوانێکی شیعریی خۆمم، پێشکەشیی کرد
وەکو دیاریی ویادگاریی. .
- (یەکەم کۆپلە) لەسەر بەرگی کتێبەکە وانووسراوە.
( (بەکوردی پەتیی بڕا زمانم
ئەبی بە (کوردیی) ش مێشکم بپڕژی
شەرتە بۆ کوردو بۆ کوردستانم
سەرم دابنێم خوێنم برژی) )
دوای خوێندنەوەی، وتی – عوسمان –
من ئەم شیعرەم لا جوانە،
جوان. .
بەڵام بیرو بۆ چوونەکەت
خەیاڵێکی هەرزەکاری سیاسیانەو کاژیکییە!
( (ئێوە) ) قەسر لەهەوادا بۆ گەلی کورد، درووست دەکەن!
یەکگرتنەوەی چوارپارچەکەو دەوڵەتی کورد
لە، ئێستادا، ئەو خەونەیە بەدینایە!!
داوای ئێمە،
(دیموکراتیی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان
دڕکێکە بەناو چاوی ئەو حاکمە شۆفێنیانەی بەغدا دەچی!
(مەهدی عەماش)

ئەو لە ناوی (لامەرکەزی) یش رۆحی دەچی!
موفاوەزە سەرناگری،

- (تاڵەبانی) راستی فەرموو

قسەی ئەوبوو. .
لەپاش چل ساڵ
چل ساڵی ئاڵ
چل ساڵی تاڵ
(عێراق) گەییە قۆناغێکی پەرلەمانی دیموکراتیی وفرەحیزبی، نەو (فیدرال) !
(لای سەرانی کوردەواری) – هەتا ئێستاش /
(دەوڵەتی کورد) . . ئەو خەونەیە بەدینایە!
( (من پێموایە) )
(فیدراڵی) لەم عێراقە جەنجاڵەدا، (تۆزوبایە!!)

- بۆ یەکەمجار. . لە (شۆرشی فەرەنسا) وە،

(مافی گەلان) جار دراوە. .
لەوە بەدوا، زۆر کۆنگرەی نێودەوڵەتی،
کەبەستراوە. .
بڕیاردانی چارەنووس وجیابوونەوە، وبەدەوڵەت بوون
باسکراوە. .

- (نەتەوەی کورد) لەچوارچێوەی عێراقێکی پەرلەمانی دیموکراتیی فیدراڵی. .

مافی هەیە لەسەر خاکی ئەژدادی خۆی
(کۆمارێکی فیدرالی) دامەزرێنی. .
(ئۆتۆنۆمی) دابین بکا بۆ (تورکمان)
(کلدۆئاشوور. . )
لەچوارچێوەی یاسایی دا و بەپێی دەستوور
(برای عەرەب) گەر بەربەست بی
دەبی گەلی کورد سەربەست بی
بۆ (بڕیاردان لەسەر مافی نەتەوەیی و سیاسیی خۆی)

- لەسەر چڵی هەرەبەرزی (عاتیفە) دا، نەوشکۆفەی شیعری کوردی،

بەرکۆژەی خۆی، بۆ (ئایندەی سەربەخۆ بوون) دەکاتەوە. . . . .
(دەنگی عەقڵ) لەناو کەللەی رووداوەکان،
دەردەنگی خۆی، دەداتەوە!!